# زانیاری بۆ پەناخوازان

**بەڕێزی پەناخواز**

داوای پەنابەرێتیت لە فنلاندا کردوە (پاراستنی نێونەتەوەیی). دەتوانیت پەنابەرێتی یان مۆڵەتی ئیقامە وەربگریت، ئەگەر پێویستیت بە پارێزگاری نێونەتەوەیی هەبێت لەبەر ئەوەی کە ئەگەر لە وڵاتی خۆتدا مافە ئینسانیەکانت بە جدیەوە پێشێل بکرێت.

لەم ڕێنوێنیەدا باسی ئەوە دەکرێت کە چۆن بابەتەکەت مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و دەچێتە پێشەوە دوای ئەوەی داواکەت پێشکەش دەکەیت، ئەو ماف و ئەرکانە چین تۆ هەتە هەروەها ژیان لە کەمپدا چۆنە.

## ڕێڕەوی لێکۆڵینەوە لە داوای پەنابەرێتی

کارکردن لەسەر داوای پەنابەرێتی بە لێکۆڵینەوە لە داواکە دەست پێدەکات. ڕاستگۆیان وەڵامی هەموو پرسیارەکان بدەرەوە. هەروەها تەواوی ئەو بەڵگانەی کە هەتە لە نزیکترین فرسەتدا پیشانیان بدە. ئەگەر داواکەت بەتەواوی وبەباشی یەکسەر لەسەرتاوە باس بکەیت و هیچ بابەتێکی ڕاستەقینە نەشاریتەوە، ئەوا دەتوانرێ زووتر مەسەلەکەت چارەسەر بکرێ.

لە کاتی لێکۆڵینەوەدا مافی ئەوەت هەیە کەڵك لە وەرگێر وەرگریت، کە کەمپەکەت بۆت دەگرێت. ئەگەر بتهەوێت دەشتوانیت یارمەتیدەری یاسایی یان پارێزەر بۆخۆت بگریت هەروەها دەشتوانیت پەیوەندی بە نوێنەری بەرگری لە کەمایەتیەکانەوە بکەیت. بۆ ئەو پەناخوازە منداڵانەی کە بەتەنیا دێن نوێنەریان بۆ دیاری دەکرێت، کە چاودێری لە بەرژەوەندیەکانیان دەکات.

لەبەر خاتری مامەڵەکردن بە داواکەتەوە، تۆ دەبێ هەر بەڵگەیەکی سەفەر کردن (پاسپۆرت یان هەر شتێك لەو بابەتە) تەسلیمی پۆلیس یان کۆنترۆڵی پاسپورت بکەیت، کە ئەوانیش بۆ دائیرەی کۆچبەری دەنێرن. هاوکات کە بڕیارەکەت بەدەست دەگات، لەگەڵێشیدا بەڵگەی سەفەرەکەیشت وەردەگریتەوە.

**زانیاری کەسێتی و ڕێگای سەفەر**

لەسەرەتای قۆناغی لێکۆڵینەوەکەدا کاربەدەستانی کۆنترۆڵی پاسپۆرت یان پۆلیس داوات لێدەکات کە فۆرمی داوای پەنابەرێتی دائیرەی کۆچبەری پڕ بکەیتەوە هەروەها ڕسیاری زانیاری کەسێتی و ڕێگای سەفەرەکەت لێدەکات. بۆ ناسینەوەت وێنەت دەگرن و پەنجەمۆر و باقی نیشانە شەخسیەکانت لێ وەردەگرن.

لە زانیاری کەسێتیدا داوای زانیاری ئەندامانی خێزان و کەس وکارەکانی تریشت لێ دەکەن. بە وردیەوە زانیاریەکانی ئەوانیش باس بکە. دواتر ئەمانە گرنگ دەبن، ئەگەر مۆڵەتی مانەوە لە فنلاندا وەربگریت و ویستت خێزانەکەیشت بۆ ئێرە بهێنیت.

**دیمانە وئەرکی نهێنی پاراستن**

دوای پرسیارکردنی نیشانەکانی کەسێتی و ڕێگای سەفەرەکەت، بانگ دەکرێیت بۆ دائیرەی کۆچبەری، کە لەوێدا ئەو کاربەدەستەی کار لەسەر داواکەت دەکات دیمانەت لەگەڵ دەکات. مەبەست لە دیمانەکە ئەوەیە کە ئەو هۆیانەی کە بەهۆیانەوە داوای پەنابەریتی دەکەیت ڕوون بکرێتەوە. هەروەها پرسیاری ئەوەشت لێ دکرێت کە چ جۆرە زولم و ستەم، مامەڵەی نامرۆڤانە، پێشێل کاریەکانی مافەکان بەرامبەر بە تۆ ئەنجام دراوە، چۆن دیاری دەکرێت و چ بەڵگەیەکیشت لەسەریان هەیە پیشانی بدەیت. لە کۆتاییدا لەو لێکۆڵینەوە دۆسیەیەك ئامادە دەکرێت کە کۆپیەکی بە خۆت دەدرێت.

کاربەدەستان و پارێزەرەکەت ئەرکی پاراستنی نهێنیان لەسەر شانە. لەبەر هۆی پارێزگاری ئەو زانیاریانەی پەیوەندیان بە پەنابەریتیەوە هەیە بە نهێنی ڕادەگیرێ. هەر بۆیە کاربەدەستان بۆ نموونە هیچ پەیوەندیان بە سەفارەتی وڵاتەکەتەوە لە فنلاندا وە تەنانەت بە کاربەدەستانیش لە وڵاتەکەتدا نیە.

## کارکردن لەسەر داواکان لە دائیرەی کۆچبەریدا

دوای لێکۆڵینەوە لە داوای پەنابەریتی، دائیرەی کۆچبەری لەسەر داواکەت کە بەشێوەی نووسراو لەبەر دەستدایە درێژە بە کارکردن دەدات. لەو کاتەدا کە داواکەت هێشتا کاری لەسەر دەکرێت دەتوانیت بابەتی تریش بۆ داواکەت زیاد بکەیت.

دائیرەی کۆچبەری لەسەر بنەمای تەواوی ئەو بابەت و ڕوونکردنەوانەی کە خراونەتە بەردەست بڕیار لەسەر داواکەت دەدات. بڕیارەکە لەسەر ئەو زانیاریانەی کە لە

لێکۆڵینەوەکەدا باست کردوە و هەروەها ئەو ڕوونکردنەوانەی تریش کە خۆت داوتە یان کاربەدەستان خۆیان داوایان کردوە، دەدرێت. زانیاری بەدەست هاتوو سەبارەت بار ودۆخی وڵاتەکەت و باری مافێ مرۆڤ تێیدا کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکە هەیە.

دائیرەی کۆچبەری بەگوێرەی تەسەلسولی گەیشتنی داواکانی پەنابەرێتی کاریان لەسەر دەکات. بەڵام بەهەر حاڵ ئەوانەی جێگاورێگای تایبەتیان هەیە بۆ نموونە بریتین لە داوای خێزانی منداڵدار و ئەو لاوانەی کە تەمەنیان خوار هەژدە ساڵە و بەبێ سەرپەرشتکار سەفەریان کردوە، کە لە داواکانی تر خێراتر کاریان لەسەر دەکرێن.

لەبەر خاتری ئاسایشی خۆت دائیرەی کوچبەری هیچ زانیاریەك سەبارەت بە داواکەت لە تەلەفوندا نادات. ئەگەر بتهەوێ بە دانی ڕوونکردنەوەی تازەتر داواکەت پوختەتر وپاراوتری بکەیت یان هۆی گرنگت هەیە بۆ پەلەکردن لە کارکردن لەسەر داواکەت، ئەوا بە نامە پەیوەندی بە دائیرەی کۆچبەرییەوە بگرە.

کاتێك بڕیار لەسەر داواکەت دەرچوو، دائیرەی کۆچبەری بڕیارەکە بۆ پۆلیسی شوێنی نیشتەجێی خۆت دەنێرێ. پۆلیس بڕیارەکە بە ئاگاداریت دەگەیەنێ و ئەگەر پێویستیشی کرد وەرگێرت بۆ دەگرێت.

لەو کاتەدا کە داواکەت هێشتا کاری لەسەر دەکرێت، دەتوانیت ئازادانە لەناو فنلاندا بگەڕێیت، بەڵام ناتوانیت بۆ دەرەوەی وڵات سەفەر بکەیت. کاتێك کە هێشتا داواکەت بڕیاری لەسەر نەدرابێ، ئەگەر لە فنلاندا بچیتە دەرەوە، لەوانەیە داواکەت دابخرێت.

## مۆڵەتی مانەوە لە فنلاندا

دەتوانیت لە فنلاندا بمێنیتەوە، ئەگەر پەنابەرێتی یان مۆڵەتی ئیقامەتت پێ بدرێت.

پەنابەرێتیت پێ دەدرێت ئەگەر هۆی ئەوەت بەدەستەوە بێت کە ترسی چەوسانەوەت لە وڵاتی خۆتدا لەسەر بێ. هۆکانی چەوساندنەوەش دەکرێت بەگوێرەی نەتەوە، ئایین، ڕەگەز، سەر بە گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاری کراو یان بیروبۆچۆنی سیاسی بێت. ئەگەر پەنابەرێتیت پێ بدرێت ئەوا تۆ جێگەورێگەی پەنابەرەت لە فنلاندا دەبێ.

ئەگەر پەنابەرێتیت پێ نەدرێت، بەهەر حاڵ دەکرێت مۆڵەتی ئیقامەت بە گوێرەی پێویستی پاراستن لە تۆ پێت بدرێت. ئەم مۆڵەتە کاتێك پێت دەدرێت کە ئەگەر لە وڵاتی خۆتدا هەڕەشەی سزای مەرگ، ئەشکەنجە یان هەر مامەڵەیەکی دژی مرۆڤانەی تر یان پێشێل کردنی بەهای مرۆڤایەتیت لەسەر بێت. ئەگەر بۆ نموونە بە هۆی شەڕی چەکداریەوە یان کارەساتی سرۆشتیەوە نەتوانی بە سەلامەتی بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت لەو حاڵەتەشدا دەتوانیت مۆڵەت وەربگریت.

هاوکات لەگەڵ داوای پەنابەرێتیدا هەروەها لێکۆڵینەوەش لەوە دەکرێت و بڕیاریشی لەسەر دەدرێت کە ئایا دەکرێت بەگوێرەی هۆی ترەوە مۆڵەتی ئیقامە بە کەسەکە بدرێ.

مۆڵەتی ئیقامە لە پەساپۆرت یان لەهەر بەڵگەیەکی سەفەرکردنی تر دەدرێت. ئەگەر پەنابەرێتی وەربگریت ئەوا بەڵگەی سەفەرکردنی پەنابەرانت پێ دەدرێت کە مۆڵەتەکەی لێ دەدرێت.

## ئەگەر داواکەت قەبووڵ نەکرێت

دائیرەی کۆچبەری داواکەت ڕەت دەکاتەوە، ئەگەر بارودۆخی وڵاتەکەت بە شێوەیەك بێت کە تۆ پێویستیت بە پاراستنی نێونەتەوەیی نیە. هاوکات کە ئەم دائیرەیە داواکەت ڕەت دەکاتەوە، بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە لە فنلانداوە بتگێرنەوە. لەگەڵ بڕیاری گەڕانەوەشدا دەتوانرێ قەدەغەی گەڕانەوەت بۆ ئەم وڵاتە لێ بکرێ، کە ئەمە هەموو وڵاتانی پەیمانی شێنگێنیش دەگرێتەوە.

## مافی داوای پەنابەرێتیت هەمیشە لە فنلاندا لێی ناکۆڵدرێتەوە

تۆ مافی هەڵبژادنی ئەوەت نیە کە چ وڵاتێك لە داوای پەنابەریەتیەکەت بکۆڵێتەوە و ڕوونی بکاتەوە. وڵاتانی یەکیەتی ئەوروپا* هەروەها نەرویج و ئایسلاند پێکەوە ڕێکەوتوون کە چ وڵاتێك لە لێکۆڵینەوەی داوای پەنابەرێتی لێپرساوە.

ئەگەر لە فنلاندا داوای پەنابەرێتیت کردبێ، دەکرێت داواکەت بنێردرێ بۆ وڵاتێکی تر بۆ کارکردن لەسەری کاتێك ئەگەر:

- تۆ پێشووتر لەو وڵاتەدا داوای پەنابەرێتیت کردبێ
- ئەندامانی خێزانەکەت لە وڵاتەدا پەنابەر بن
- تۆ مۆڵەتی ئیقامە یان ڤیزای ئەو وڵاتەت هەبێ
- تۆ لە ڕێگای ئەو وڵاتەوە بە نا یاسایی یان سنوورت بڕیوە بۆ فنلاندا

لەو حاڵەتانەدا دائیرەی کۆچبەری لە داوای پەنابەریەکەت ناکۆڵێتەوە بەڵکو داواکەت دەنێرێت بۆ ئەو وڵاتەی لێپرساوە و دەیشتنێرێتەوە بۆ ئەوێ. دەکرێت کاتێك بڕیارەکەت بەدەست گەیشت دەست بەجێ لە فنلانداوە دەرت بکەن.

*) وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا بریتین لە: بێجگە لە فنلاندا، هۆڵەندا، بەلجیکا، بولگاریا، ئیسپانیا، ئیرلەندا، بریتانیای گەورە، ئیتالیا، نەمسا، یونان، قوبرس، لاتڤیا، لیتڤانیا، لوکسێمبۆرگ، مالتا، پۆرتوگال، پۆلاندا، فەرەنسا، ڕۆمانیا، سوید، ئەڵمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، تشیك، دانیمارك، ئۆکرانیا و ئیستۆنیا.

**سەرلەنوێ داواکردنەوە**

ئەگەر لە فنلاندا سەرلەنوێ داوای پەنابەرێتی بکەیتەوە بەڵام بارو دۆخەکەت هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهاتبێت دوای بڕیارە نێگەتیڤەکەی پێشوودا، بڕیارێکی نێگەتیڤی تازە وەردەگریتەوە و پۆلیس دەتوانێت دەست بەجێ لە فنلاندەوە بکاتە دەرەوە.

**ئەگەر لە وڵاتێکی ئەمان و ئاسایشەوە بێیت**

ئەگەر وڵاتی خۆت ئەمان و ئاسایشی تێدا بێیت و هاتبیت داوای پەنابەرێتیت کردبێت، دەکریت داواکەت بە خێرایی لێبیکۆڵدرێتەوە. لەماوەی حەوت ڕۆژدا، دوای ئەوەی دائیرەی کۆچبەری چاوپێکەوتنی لەگەڵتدا کرد و دۆسییەکەی ئەو چاوپێکەوتنەی ئامادە کردیت، ئەم دائیرەیە بڕیاری نێگەتیڤیت بۆ دەردەکات و بڕیاری ناردنەوەیشت دەدات.هەشت ڕۆژ دوای ئەوەی بڕیارەکەت بەدەست گەیشت پۆلیس دەتوانێ لە فنلانداوە دەرت بکات.

**داوایەك کە بە ئاشکرا مەرجەکانی تێدا نەبێ**

بڕیاری نێگەتیڤ وەردەگریت ئەگەر داواکەت بە ئاشکرا مەرجە پێویستەکانی تێدا نەبێ. ئەمە لە کاتێکدایە بۆ نموونە ئەگەر هۆیەکانی داواکەت پێشێل کردنی مافی مرۆڤی بە جیدی تێدا نەبێ یان کەڵکی نارەوات لە پەنابەرێتی وەرگرتبێ. لەم حاڵەتەشدا بڕیاری ناردنەوەت دەدرێ و پۆلیس دەتوانێ دوای هەشت ڕۆژ لە وەرگرتنی بڕیارەکەوە لە فنلاندەوە دەرت بکات.

## ئایا ناڕازیت بە بڕیارەکەی دائیرەی کۆچبەری؟

ئەگەر نارازی بیت بە بڕیاری دائیرەی کۆچبەری کە لە پەیوەند بە داوای پەنابەرێتیە، بە گوێرەی پێویستی پاراستن مۆڵەتی ئیقامە درابێ هەروەها سەبارەت بە ناردنەوەی و قەدەغەی دووبارە هاتنەوە بۆ وڵات بێ، دەتوانیت داوای گۆڕینی بڕیارەکە بکەیت لەڕێگەی نووسینی نارەزایەتی نامەوە بۆ دادگای ئیداری هلسینکی.

دەتوانیت نارەزایەتی بەرامبەر بە بڕیاری دادگای ئیداری هلسینکیش دەربریت و بەرزی بکەیتەوە بۆ دادگای ئیداری باڵا، لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەم دادگایە مافی ناڕەزایەتیت پێ بدات.

ئەگەر بۆ داواکەت بڕیاری تەواو نێگەتیف وەربگریت (پەنابەرێتی و مۆلەتی ئیقامەتت پێ نەدرێ) وە بڕیارەکەش دوای نارەزایەتی کردن هیچ نەگۆڕدرێت، تۆ دەبێت لە فنلانداوە بچیتە دەرەوە.

## نیشتەجێ بوون لە کەمپی پەنابەراندا

لە کەمپی پەنابەراندا جێگای حەوانەوەی کاتیت بۆ ڕێك دەخرێت، کە نیشتەجێ بوون بە خۆڕاییە، ئەگەر پارەت نەبێ خۆت و خیزانەکەت بژێنی. ئەگەر بۆ نموونە کار بکەیت، دەکریت بۆ جێگای حەوانەوەکە پارەت لی وەربگرن. لەوانەیشە بە ناچاری جێگاکەت لە کەمپێکەوە بۆ کەمپێکی تر بگۆڕێت.

پەناخوازانی تەمەنی خوار هەژدە ساڵ کە بەبێ سەربەشتکارەکانیان هاتوون لە خانووی گرووپی یان خانووی یارمەتی دەر نیشتەجێ دەکرێن کە بەتایبەتی بۆیان دیاری کراوە و دەکەونە لای کەمپەکانەوە لە سەرتاسەری فنلاندا.

لە کەمپەکەوە سەرچەف و خاولی، پاکەتی خواردەمەنی وە شت وەمەکی سەرەکی پێویست بۆ ژیانی ڕۆژانە وەردەگریت. دوای ئەمە ناچار دەبیت خواردەمەنی بکریت و بۆخۆت ئامادەی بکەیت. ئەگەر ناتوانیت لە فنلاندا خۆت و خیزانەکەت بژێنی، ئەوا کەمپەکەت دەتوانێ بۆ ئەو کاتەی کە داواکەت لەژێر لیکۆڵینەوەدایە یارمەتی بژێویت پێ بدات.

ئەگەر بەتەنیا بۆ فنلاندا هاتبێتیت ئەوا دەچیتە ژوورێکەوە کە کەسانی تری هاو جنسی خۆتی تێدایە. بۆ خێزان هەوڵ دەدرێت کە یەك شوێنی هاوبەشیان پێ بدرێت.

**دەستوورەکان و نەریت و هەڵس وکەوتی باش**

تۆ وەك کەمپ نشینێك دەبێ دەستوورەکان ڕێنوێنیەکانی سەڵامەتی کەمپەکەت بەڕیوە بەریت، کە تێیدا کاتی سەردان و میوانی، بێدەنگی لە شەواندا، سەلامەتی ئاگرکەوتنەوە و جگەرەکێشان دیاری کراوە. هەر کەسێك دەبێ خۆی لە چێشتخانەی هاوبەشدا دەبێ بۆخۆی خواردن ئامادە بکات وهەروەها ژوورەکەی خۆیشی پاك دەکاتەوە. لە زۆربەی کەمپەکاندا دانیشتوان لێپرسراون لە پاك وخاوێن کردنەوەی شوێنە هاوبەشەکانیشدا.

بەتایبەتی ئەوە زۆر گرنگە لە بیرت بێ کە لە کەمپەکەدا خەڵکی وڵاتانی جۆراوجۆر و کەلتووری جیاواز دەژین و دەبێ هەر یەکە ڕێز لە نەریتی بەرامبەرەکەی بگرێ.

### ڕێنوێنی و خزمەتگوزاری تەندروستی

کارمەندانی کەمپەکە سەبارەت بە کاروبارەکان لە کەمپەکەدا قسەوباست بۆ دەکەن و ڕێنوێنی پێویستت سەبارەت بە چوونە بازار و باقی بابەتەکانت پێ دەدەن. بەڵام بۆ کاروبارەکانی پەنابەریتی وەك خێراکردن لە وەڵامدانەوەدا یان ئەوەی ناوەرۆکی بڕیارەکە چی بێ، کارمەندانی کەمپەکە ناتوانن هیچ کاریگەرییەکیان هەبێ. ئەگەر لەگەڵ کارمەندەکاندا زمانێکی هاوبەشت نەبێ، ئەوا بۆ یارمەتی دان وەرگێر بانگ دەکەن.

لەگەڵ هاتندا بۆ کەمپەکە دەتوانرێت فەحسی تەندروستیت بۆ بکرێت. لە کاتی پێویستیشدا دەتوانیت بچیتە لای دوکتۆر وە لەسەر داوای دوکتۆر دەتوانرێت لە نەخۆشخانەدا چارەسەرت بۆ بکرێت. بۆ گیروگرفتی جۆراوجۆر دەتوانیت یارمەتی لە کارمەندی کاروباری کۆمەڵایەتیدا وەربگریت و قسەوباسی لەگەڵ بکەیت، کە ئەو لەوە دەکۆڵێتەوە کە چ جۆرە خزمەتگوزارییەك بۆت یارمەتی دەر دەبێ. ئەگەر داهاتت هەبێ، ئەوا لە بری خزمەتگوزاری تەندروستیدا دەکرێ بری پارەت لێ وەربگیردرێ. ئەگەر دوکتۆرەکەی چارەسەری بۆ کردویت چارەسەرەکەی بەلاوە پێویست نەبووبێ، ئەوا ناچاریت بۆ خۆت خەرجەکەی بدەیت.

### کار و چالاکی خوێندن

کەمپ دەتوانێت کار و چالاکی خوێندن ڕێکبخات. هەموو دانیشتوانی تەمەن 16-64 ساڵان دەبێ بەشداری تێدا بکەن، ئەگەر ڕێگری نەخۆشی یان هۆی گونجاوی تریان نەبێ.

چالاکی کار دەکرێ بۆ نموونە پاککردنەوەی کەمپەکە، کاری چاککردن و ڕێکخستنی حەوشە و چیمەن بێت هەروەها هەندێ کاری یارمەتی دەرانە لە شارەوانیدا. چالاکی خوێندن بۆ نموونە بریتییە لە خوێندنی زمانی فنلاندی یان سویدیە، ئاشنابوون بە کۆمەڵگای فنلاندی و فێربوونی کۆمپیوتەرە. دەشتوانیت لە دەرەوەی کەمپەکە بخوێنیت بۆ نموونە لە کۆرسەکانی پەمانگای کرێکاری یان نەتەوەییدا.

دانیشتووی کەمپ و کارمەندەکە پێکەوە نەخشە دادەڕێژن، کە لە چ چالاکیەك دا هەر یەکە دەتوانێ بەشدار بێت. ئەگەر ڕازی نەبیت بە دارشتنی نەخشەی چالاکی کارو خوێندن یان چالاکیەکە ئەنجام نەدەیت، ئەوا کەمپەکە دەتوانێت لە یارمەتی بژێوێەکەت دابشکێنی و کەمی بکاتەوە. داشکانەکە لانی زۆر 20% ی یارمەتیە سەرەکیەکەیە.

## نیشتەجێ بوون لە دەرەوەی کەمپی پەنابەراندا

دەشتوانیت بچیتە لای خزم و برادەری خۆت بژیت، بەڵام ئەو کاتە دەبێ خۆت خەرجی نیشتەجێی خۆت بدەیت. کاتێك دەچیتە سەر ئادرێس واتە جێگای حەوانەوەی تایبەت، دەبێ ڕێکەوتنی کرێخانوەکە یان هەر ڕوونکردنەوەیەك لەسەر نێشتەجێ بوونەکەت هەروەها بە نووسین ناونیشانەکەشت بە کەمپەکە بدەیت.

ئەگەر لە شوێنی تر نیشتەجێ بی و پێویستیت بە یارمەتی بژێوی هەبوو یان بە یارمەتی کارمەندی کۆمەڵایەتی یان دوکتۆر هەبوو، تۆ دەبێ پەیوەندی بەو کەمپەوە بگریت، کە ناوی تۆی وەك داواکار لێ تۆمار کراوە. ئەگەر پێشووتر لە کەمپدا نەبووبێتی، دەبێ خۆت وەك داواکار بە نزیکترین کەمپ بناسێنیت.

لە کەمپدا کەسەکان بەشێوەی کاتی نیشتەجێ دەکرێن. ئەگەر مۆڵەتی ئیقامەت پێ بدرێت، ئەوا دەبێ هەرچی زووتر خانوو بۆ خوت بدۆزیتەوە. کارمەندانی کەمپەکە لە داوا کردنی خانوودا یارمەتیت دەدەن. ئەگەر پەنابەرێتیت پێ درا یان بۆ نموونە مۆڵەتی ئیقامە بەگوێرەی پێویستی پاراستنی گیانی، ئەوا لە شارەوانیەی کە وەرت دەگرێت خانووت بۆ دەگیرێ.

## مافەکان و ئەرکەکان

### یارمەتی یاسایی

دەتوانیت بۆ کاتی چاوپێکەوتنی داوای پەنابەرێتی یان بۆ کاتی نارەزایەتی نووسین سەبارەت بە بڕیارێك کە لەسەر داواکەت دراوە، کەڵك لە پارێزەر یان یارمەتیدەری یاسایی وەربگریت.یارمەتی یاسایی لەلایەن دائیرەکانی یارمەتی بۆ کاروباری یاسایی وە باقی دائیرەکانی پارێزەران و پارێزەران دەیدەن، کە بە کەمپەکەیان ڕاگەیاندوە سەبارەت بەوەی کە خزمەتگوزاری یاسایی بۆ پەناخوازان دەدەن. زانیاری زیاتر سەبارەت بە یارمەتی یاسایی ناوچەکە لە کارمەندانی کەمپەکەوە بەدەست دەهێنیت.

### مامەڵەی باش ڕێزگرتن سنووری کەسێتی

لە یاسای سەرەکی فنلاندا مافە سەرەتاییەکان دیاری کراون

که پەناخوازانیش دەگرێتەوە. کارمەندانی کەمپ ئەو بابەتانەی کە تایبەتن بە خۆتەوە و نهێنین بۆ هیچ کەس و شوێنێکی باس ناکەن، گوێ لە تەلەفونەکانت ناگرن وەیان بەبێ رەزامەندی خۆت نامەت ناکەنەوە. تەنیا لە کاروباری پێراگەیشتن بە بیناکەدا یان بۆ نموونە لەکاتی ئاگر کەوتنەوەدا دەتوانن بەبێ رەزامەندی خۆت بچنە ژوورەکەتەوە.

## کارکردن

پەناخواز دوای 3 مانگ لە هاتنی بۆ فنلاندا دەتوانێ شوێنی کار بکەوێت و دەست بەکار بکات. یاسای کاری فنلاندا پەناخوازیش دەگرێتەوە. دەبێ هەمان مووچەت پێ بدرێ کە بە کەسانی تریش لەو بەشادان بەگشتی دەدرێ. هەڵاواردن لە شوێنی کاردا قەدەغەیە. زانیاری زیاتر سەبارەت بە مافەکانی کارکردن و سەلامەتی کار لە کاربەدەستانی پارێزگاری کار بەدەست دەهێنیت.

## چوونە قوتابخانە

منداڵانی پەناخواز مافی چوون بۆ قوتابخانەیان هەیە. چوون بۆ قوتابخانە لە 6 ساڵیەوە دەدت پێدەکات کە لە پێش سەرەتاییەوە لە باخچەی منداڵان یان لە قوتابخانەی سەرەتاییدایە. لە تەمەنی 7-16 ساڵیدا منداڵان خوێندنی سەرەکی لە قوبخانەی سەرەتایی و ناوەندی دەخوێنێن.

لە سەرەتادا منداڵان لە پلەی یەکەمدا زمانی فنلاندی یان سویدی دەخۆێنن. خوێندن و کتێبەکانی قوتابخانە بە خۆرایین. دایکان و باوکان و قوتابخانە پەیوەندی چڕوپڕیان پێکەوە دەبێ. ئەگەر منداڵەکە نەچی بۆ قوتابخانە بۆ نموونە لەبەر نەخۆشی، دەبێ ئەوە بە مامۆستاکەی ڕابگەیەندرێ.

## ئەرکی خۆناساندن

پۆلیس یان کاربەدەستانی سنوور دەتوانن ئەرکی خۆناساندن بۆ دیاری بکەن وداوات لێ بکەن ئاگاداریان بکەی کە چۆن پەیوەندیت پیوە دەکرێت. ئەگەر ئەم بڕیارە بەڕێوە نەبەیت، دەتوانرێ سزای غەرامەت بۆ دیاری بکەن.

## ئاگادارکردنی کەمپی پەنابەران لە ناونیشانەکەت

ئەگەر خانوت بۆ خۆت گرت، تۆ دەبێ ناونیشانەکەت و گۆڕانکاریەکانی بە کەمپی پەنابەران ڕابگەیەنیت. ئەگەر ناونیشانە ڕاستەقینەکەت لەلای کەمپ نەبێ، ئەوا ناتوانرێ یارمەتی بژێویت پێ بدرێ. هەروەها کاتێك دەچیت بۆ سەردانیش تۆ دەبێ ئاگاداریان بکەیتەوە کە چۆن دەتوانرێ پەیوەندیت پیوە بکرێ.

## زانیاری پەیوەندی گرتن

**دائیرەی کۆچبەری**
Lautatarhankatu 10
PL 18
00581 Helsinki
تەلەفون: 071 873 0431
maahanmuuttovirasto@migri.fi

**دائیرەی نوێنەری بەرگری لە کەمایەتیەکان**
PL 26
00023 Valtioneuvosto
ناونیشانی ئامشۆکردن: Vuorikatu 20 A, Helsinki
ژمارە تەلەفونی خزمەتگوزاری داواکاران: (09) 160 43 444
ofm@ofm.fi

**مەڵبەندی چارەسەرکردنی ئەشکەنجەکراوان**
Helsingin Diakonissalaitos
Mäkelänkatu 58–60
00510 Helsinki
تەلەفون: (09) 7750 4584
kitu@hdl.fi

**رێکخراوی چارەسەری دەروونی فنلاندا**
**مەڵبەندی SOS**
Maistraatinportti 4 A, 4. krs
00240 Helsinki
تەلەفون: (09) 4135 0510
sos-keskus@mielenterveysseura.fi

**نزیکترین دائیرەی ناوچەیی نوێنەرایەتی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران**
UNHCR
Ynglingagatan 14, 6 tr
S-113 47 Stockholm
Sverige
تەلەفون: +46 8 457 48 80
swest@unhcr.ch

**بەشی پاراستنی شوێنی کار**
سەیری زانیاری پەیوەندی لە ماڵپەری: www.tyosuojelu.fi